# سەرۆک کۆمار جەختدەکاتەوە لەسەر کۆتاییهێنان بە دەسیەی ئاوارەکان

سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ دووشەممە ،جەختیکردەوە لەسەر کۆتاییهێنان بە دەسیەی ئاوارەکان.

لە بەیاننامەی سەرۆکایەتی کۆمار دا هاتووە: سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە کاروباری منداڵ و ململانێ چەکدارییەکان فیرجینیا غامبا و جێگری نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە کاروباری سیاسی کلاودیو کوردون ویاریدەدەری تایبەتی نوێنەری نەودەوەتی جانا بادی ونوێنەری ڕێکخراوی یونیسێف ساندرا لاتوڤ.

وتیشی سەرۆک کۆمار لە سەرەتای دیدارەکەدا پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئینتۆنیو گوتەرەس کرد بەبۆنەی ساڵی زایینی نوێوە.

سەرۆک کۆمار لەمیانەی دیدارەکەدا جەختیکردەوەسەر گرنگی پتەوکردنی پێوەندیەکان و پێشخستنیان بەشێوەیەک خزمەت بە گەلی عێراق بکات لەهەموو بوارە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانەوە.

وتیشی کە عێراق کاردەکات بە سڤامگیرکردن و جێگیرکردنی باری ئاسایش لەسەرخاکەکەی و مکوومیشە لەسەر پابەندبوون بە پێنیسپەکانی مافی مرۆڤ وهەموو ئەوشتانەی کە پێوەستن بەڕزگرتن لە ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان ، ئاماژەشی بەوەکرد کە خەزانی عێراقی ژدەڵەسەر

پەروەردەکردنی منداڵانیان بەشێوەیەکی ڕاست ودروست.

سەرەک کەمار پەداگریشی کرد لەسەر کۆتاییهێنان بە دەسیەی ئاوارەکان و گەڕانەوەیان بە زەدی خۆیان، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکان لەبارودۆخێکی ناهەموارو سەختدا ژیان بەسەردەبەن، بە پێویستە ڕەکخراوە نەودەوەتیەکان کەششیمزیاتربکەن بە کۆتاییهێنان بەم کەشیە ، و جگەلەوەش ڕەشنبیری لەبووردەیی و پێکەوەژیان فاش بکەن لەنێوان منداڵاندا.

لەلایەن خەشیەو فەجینیا غامبا جێختیلەو کردەوەکە نێتەوەیەکگرتووەکان خوازیارە پەیوەندیەکانی لەگەڵ عەڕاقدا لەهەموو بوارەکاندا پتەوتربکات لەڕێگای ئاژانسەکانیەو کەلەعەڕاقدا کاردەکەن، خەشحاڵی خەشی دەربڕی بە ئەو پەشۆچوونانەی کە لە بواری ئەمنی و مرەیدا بەدیهاتوون و ئامادەییشی نیشاندا بە یارمەتیدانی ئەوانەی لەبواری مافەکانی مرۆڤدا کاردەکەن لەڕێگەی سازدانی ڕەک شەپ و کەو کەنگرەکانەو.

هەروەها نوێنەری تایبەتی نێتەوەیەکگرتووەکان دەسخەشی لەعەڕاق کرد بە چاودەریکردن و پشتیوانیکردنی منداڵان لەسەرجەم بوارەکانی یاساڕیدا دژبەتوندوتیژی خەزانی و پاراستنی منداڵ.